# چەند هەناسەیەکی دی بۆ تریفە



هۆشەنگ شێخ محەمەد

هەناسەیەك لە گیانتەوە بەسەر برژانگەکانم وەرکە

گیانێك بە سۆمات دەبەخشم

هەڵمگرە و لە کوریکەیەکی چاوانتەوە نیشانی هەموو خەلیاقەتەکانم بدە

* * * * * * *

با ئەو گەردوونە هەمووی بزانیٚ من و تۆ وەك ئاو بەناو یەکتریدا ئاوێتەین

با ئەو ژیانە لە سەر پەرچەمی خۆیدا وەك تۆقەیەك لە رێحان

وەك بروشێك لە گوڵ مەحەمەدی لە هەناسەکانی خۆیەوە گیرمان کات

* * * * * *

با هەمیشە رووت رووت وەك نەرمەی پەڕەکانی رێحان

بەسەر یەکدیدا ئامێز ببارێنین

* * * * * *

مەمشارەوە ، با هەمیشە لە بەر هەتاوی دونیا، ڤیناو بەیەك دا کەین

* * * * * *

روحێك تەنیا بۆ برژانگەکانت

روحێك تەنیا بۆ چاوەکانت

روحێك تەنیا بۆ پەنچەکانت

روحێك تەنیا بۆ مەمکەکانت

روحێك تەنیا بۆ لێوەکانت

نزانم چەند روحم گەرەکە بۆ خۆشەویستی؟!

2007/4/22